# ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ڕووداوەکەی کەلار

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٧ ژمارەیەك لەخەڵکی کەلار بەبێ مۆڵەتی یاسایی و بەبێ ئەوەی لەپێشتردا داوای مۆڵەت بکەن، ڕێپێوانێکیان بۆ بەردەم قایمقامیەتی کەلار بەرێخست و داوای چاککردنی وەزعی کارەباو ئاویان دەکرد، لەبارەگای قایمقامیەت لەلایەن قایمقامی کەلار-ەوە بەشێوەیەکی ئسوڵیی پێشوازیی لەو خەڵکە کراو داوایلێکردن خواستەکانیان بەنووسراو بخەنەڕوو، لەوکاتەی کە قایمقام وتووێژی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێپێوانەکەدا دەکرد چەند کەسێکی نامەسئول دەستیان دایە بەردبارانکردنی پۆلیسەکانی قایمقامیەت و چەند کەسێکیان لێ بریندارکردن و پاشان پەلاماری بارەگای قایمقامیەتیان داو بەداخەوە پۆلیسەکانی قایمقامیەت بەتەقە وەڵامیان دانەوە کە دەبوو شێوازێکی دیکە بەکاربهێنرایە، ئەگەرچی ئەو وەڵامدانەوەیە بۆ بەرگرتن و تەشەنە نەسەندنی دۆخەکە بوو. هەروەها لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی تریان ڕۆیشتنەسەر بینای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان و چەندین کەلوپەل و کۆمپیوتەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەتاڵانبران و ئۆتۆمبێلێکیش سووتێنرا، هەروەها بەشێکی تر لەو خەڵکە چوونەسەر بارەگای سەندیکای کرێکاران و یەکێتی ژنان و بنکەی تەندروستی و بارەگای بەرگریی شارستانیی گەرمیان و چەند شوێنێکی دیکە بەمەبەستی تاڵانکردنیان، لەپاش ئەو دیاردە ناشارستانییە بەناچاریی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بەتەقە وەڵامدرانەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لای دەزگا پەیوەندیدارەکانن، ئەو کەسانەی کە ئاراستەی ڕێپێوانەکەیان گۆڕی بۆ ئاژاوە، چەند کەسێکیان فەرمانی گرتنیان هەبووەو لەیاسا هەڵهاتوون.

پاش ماوەیەکی کەم لەو ڕووداوە بەهەوڵ و هیممەتی دەزگا پەیوەندیدارەکان توانرا بەشێوازێکی هێمنانە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت.

هەر نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ وەفدێکی باڵای حزبیی و حکومیی کەپێکهاتبوون لەهەڤاڵان د.ئەرسەلان بایز لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن و عوسمان حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆ گەیشتنە کەلارو بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان لەگەڵ بەرپرسە حزبیی و حکومییەکانی کەلار بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەکیان لەبارەگای مەڵبەندی (١١)ی گەرمیان سازداو چەند بڕیارێکی گونجاویان لەوبارەیەوە دا.

ئەم سەردان و کۆبوونەوەیەی وەفدی باڵای حزب و حکومەت بۆ ناوچەکە بەمەبەستی بەتەنگەوەچوونی کێشەکانی خەڵك و چارەسەرکردنیان بوو بەشێوەیەکی گونجاوو هەوڵەکانیش لەو پێناوەدا بەردەوام دەبن.

**وەزارەتی ناوخۆی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

تێبینی

بەداخەوە لەئەنجامی ئەو ڕووداوەدا ژمارەیەك هاووڵاتی و پۆلیس بریندابوون کەژمارەی پۆلیسەکان زۆرترن.